راوێژکارێکی سودانی لەبارەی ناجێگیری نرخی دۆلار دەنیایی دەدات



راوێژکاری دارایی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەڵێت، ناجێگیریی بەهای دۆلار کاتییە و پشت بە داتای ئابووریی راستەقینە نابەستێت. دەشڵێت، حکومەت بەردەوامە لە جێگیرکردنی بەهای فەرمیی دراو لە هەزار و ٣٢٠ دینار بۆ پشتیوانیی یەدەگی بەهێز.

ئەمە یەکشەممە ١٤ـی کانونی یەکەمی ٢٠٢٥، مەزهەر محەمەد ساڵح، راوێژکاری دارایی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند، ئاوڕی لە بازاڕی دراودا روویداوە، تەنیا ناجێگیرییەکی کاتی و نائاساییە کە بەهۆی زانیاریی نادروست و دەنگۆوە دروست بووە، ئەمەش دەبێتە هۆی قازانجکردنی کورتخایەن.

وتیشی، قەناغەکانی گواستنەوە و دوای هەڵبژاردنەکان، لەگەڵ جێبەجێکردنی سیستمی حوکمانیی گومرگ و ڕکارێ دیجیتاییەکان، دەبێتە هۆی جووڵانەوەی نرخەکان، ئەم گۆڕانکارییانە شەفافیەت و ڕکەکستن لە ژینگەی بازرگانی و دارایدا بەهێز دەکەن.

دەشڵێت، ناجێگیریی نرخی دۆلار لە بازاڕدا کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر ئاستی گشتیی نرخەکان نەبووە و سیاسەتی دراویش بەردەوامە لە جێگیرکردنی نرخەکان و پاراستنی نرخی فەرمیی دراو، کە بووەتە هۆی

کەمبوونەوەی گەشەی ساڵانەی هەناوسان بۆ ئاستی نزمتر لە ٢.٥٪.

ئاماژەی بۆ شکردووە، سیاستی جێگیربوونی نرخی دراو پشت بە یەدەگی بەهێزی دراوی بیانی دەبەستێت کە پشتیوانی لە جێگیربوونی نرخی فەرمیی دراو دەکات، کە هەزار و ٣٢٠ دینارە بۆ هەر دۆلارێک.